شانۆنامەی

# "کەرێک لەسەر پرد"

**نووسینی:**


**بانۆراما جافا**

**وەرگێڕانی فارسی:**

**سەروەر پۆریا**

**وەرگێڕانی کوردی:**

**ڕەحمان عەزیزی**



شانۆنامەی "کەر لەسەر پرد" شانۆگەرییەکی گونجاوە کە دەتوانرێت بە شێوازی "ئەنجامدانی شانۆگەری بە دەمامک" ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەمامکی ئاژەڵان دروست بکە ، هەروەها دیزاینی دەموچاوی ئاژەڵە جیاوازەکان و دواتر نمایشەکە بەڕێوەببەن.

بەکارهێنانی ماکیاژێکی سادەی شانۆ و دەستکێش و گۆرەوی و جل و بەرگ بە ڕەنگی گونجاو جوانی نمایشەکە زیاتر دەکات.

**ئەکتەرەکان:**

- کەر،
- بزن،
- سەگ،
- ئاسک،
- مانگا،
- کەروێشک

**شوێن:** **دیمەنێکی سادەی هەندێک گوڵ و درەخت و ڕووبار و پرد و خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان**

**(کەرەکە دەێتە ناو دیمەنەکەوە و گۆرانی دەڵێت لەکاتێکدا ماندوو و برسی دەردەکەوێت).**

**کەر: وی کە خەریکە دەمرم**

**بەس کە خواردم دڕک و داڵ**

**لەپ و لەموزم برینە**

**بزیاد نەبێ ئەم ژینە**

**ئەوە دەمرم لە برسا**

**هەرنابینم گژوگیا**

**توخوا ئەمە کی حاڵە**

**کی تەواوو دەبێت ئەم ژینە تاڵە**

**(سەیری دەوروبەری خۆی دەکات و لەگەڵ خۆی قسە دەکات).**

**... وی کە خەریکم دەمرم لە برسا. کەس نییە یارمەتیم بدات.**

**(لە ژێر دارێکدا پاڵ دەکەوێت.)**

**تامەزرۆی پارچەیەک چیمەنی تازە دەکەم.**

**(هەندێک چیمەنی وشک لە زەوی هەڵدەگرێت و دەیجوێت).**

**ئای ئای... چەند وشک و بێ تامە!**

**ئاخە ئەم گیا وشک و بێ تامانە چون دەخورێت؟ ئای کە مردم لە برسا.**

**(سەیری دەوروبەری دەکات و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات.)**

**ئەهووی... کەسێک هەیە کەمێک چیمەنی تازەم بۆ بهێنێت؟**

**(دیسانەوە قسە لەگەڵ خۆی دەکات.)**

**نەخێر، وا دیارە کەس نییە یارمەتیم بدات.ئاژەڵە قەدرنەناسانە... ، باشترە هەستم و بیرێک بە حاڵی خۆم بکەمەوە. دەبێت بچمە ئەودیوی ڕووبارەکە، ڕەنگە هەندێک چیمەنی تازە بدۆزمەوە.**

**(هەڵدەستێت وە بەرو ڕووبارەکە دەڕوات.)**

**لەوێ پردێکی تەسک هەیە. باشترە بەسەریدا تێپەڕ بم و بچمە ئەودیو**

**(کەرەکە دەچێتە سەر پردەکە. لەم ساتەدا دەنگی زەنگی بزنەکە دەبیسترێت. بزن لەکاتێکدا هەندێک چیمەنی لە ژێر قۆڵیدا هەیە،، بە پەلە لە بەرامبەرەوە دێتە سەر پردەکە)**

**کەر: بوەستە!...ئەوە کێیە دێتە ئەم بەری پردەکە؟**

**بزن: (دەوستێت) بع...بع...منم کاکی کەر، خاڵە بزن.**

**کەر: هەر لەوێ بوەستە! نابینی کە من دەمەوێت لە پردەکە بپەڕمەوە؟؟ برۆ لاچوو لەسەر ڕێگام.**

**بزن: بۆ چی ئەوەندە ڕووگرژ بوویت کاکی کەر؟ شتێک ڕوویداوە؟**

**کەر: قسەی بێتام مەکە! نابینیت پردەکە تەسکە وناتوانن دوو کەس بپەڕنەوە؟ بگەڕێوە، دەمەوێت تێپەڕێم.**

**بزن: ئەوە چی دەڵێی کاک کەر؟، نابینی دەستەکانم پڕن؟ لە ئەودیوی ڕووبارەکە چاوەڕێم دەکەن، بع... بع...**

**کەر: دەبێت دەستەکانت پڕ بن. چووی و هەموو چیمەنی ئەودیوی ڕووبارەکەت هەڵگرتووە، ئەوەی ترت خستوتە ژێر قۆڵتەوە، دەتەوێت ڕێگاشت پێ بدەم؟ کەواتە پشکی من چییە؟**

**بزن: باسی چی دەکەیت کاکی کەر؟،لەم بەری پردەکە، وە نزیک دارستان، پڕە لە چیمەنی تازە.**

**کەر: من لەم قسانە تێناگەم، یان ئەو چیمەنانە پێ بدە ، بیخۆم، یان ڕێگەت پێنادم لە ڕووبارەکە بپەڕیتەوە، تێدەگەی؟ زرڕ... زرڕ... زڕڕ...**

**بزن: تۆ چ کەرێکی خۆپەرستی! منداڵە برسیەکانم لەودیوی پردەکە چاوەڕێم دەکەن،پاشان تۆ چاوەڕێی ئەوە دەکەیت دوو دەستی چیمەنەکەت پێشکەش کەم؟**

**کەر:(لەسەر پردەکە دادەنیشێت) هەرئەوەیە کە کوتم... یان چیمەنەکەم پێ بەدەبیخۆم، یان ناهێڵم لە پردەکە بپەڕیتەوە، تێگەشتی؟ ئێستا خۆت دەزانی**

**بزن: (سەرگەردان. کەمێک دەگەڕێتەوە دواوە و لەودیو پردەکە دەوەستێت) بع...بع...هەی ئاژەڵی دراوسێ. دەبینن ئەم کەر خۆپەرستە چۆن زوڵمم لێ دەکات؟ کەس نییە پێی بڵێت ئەمە بۆ وا دەکات؟ بع... بع...**

**سەگ: (بە ژاوەژاوەوە ووەڕین نزیک دەبێتەوە.) عو...عو...عو! چی بۆوە خاڵە بزن بۆ هاوار دەکەیت؟**

**بزن: (بە گریانەوە) بع... بع... ئەم کەرە دێز وناشرینە ،زۆرەملی م دەکات.**

**سەگ: چی دەڵێت؟**

**بزن: دەڵێت یان چیمەنی تازەکەتم پێ بدە، یان ناهێڵم بێیتە ئەم بەری ڕووبارەکە. جائەوە قسەییە؟**

**سەگ: خەمەت نەبێ خاڵە بزن، ئێستاخۆم حسابی بۆ دەکەم.**

**(سەگ بە وەڕین لە کەرەکە نزیک دەبێتەوە).**

**هۆیی کەری دێز! هەر ئێستا لە ڕێگای خاڵە بزن دەردەچیت، ئەگینا هەرچییەک بەسەرتدا بێت، لە ئەستووی خۆتە.**

**کەر: ئەی ئەگەر ئێستا نەڕۆم؟چی ڕوودەدات؟!!!**

**سەگ: دەبینین.**

**(سەگەکە بە وەڕین هێرش دەکاتە سەر کەرەکە..کەرەکە بەرەو سەگەکە دەڕوات وخۆی پێدا دەدات. سەگەکە دەترسێت و دەگەڕێتەوە دواوە).**

**ویی... چ کەرێکی دێز و خۆپەرست و خراپە، بەڕاستی ناتوانیت لەگەڵیدا ڕێکبکەویت.**

**بزن: ئێستا دەتەوێت چی بکەم کاکی سەگ؟**

**سەگ: نازانم. من کە بەتەنیا دەرەقەتی ئەم کەر چەوسێنەرە نایەم.**

**بزن: (بە گریانەوە) بع...بع...! ئای خوایە کەس نییە یارمەتیم بدات؟ کەس نییە مافی من لەم کەرە دێزە وەربگرێت؟**

**ئاسک: (لە دوورەوە دەردەکەوێت.) کێ هەرا هەرا دەکات؟ واو تۆ خاڵە بزن؟ چی ڕوویداوە؟**

**بزن: ئەم کەرە دێز وخۆپەرستە سەر ڕێگای لێگرتووم ودەڵێت چیمەنی تازە کەتم دەییە بخۆم. پێم بڵێ، ئایائەوە حەقە، منداڵە بێتاوانەکانم بە برسێتی بمێننەوە تا ئەم کەرە تەمبەڵە تێر بێت؟ شتێک بەم پیاوە کەرە بڵێ، ڕەنگە گوێت لێ بگرێت.**

**ئاسک: باشە با بزانم چ دەتوانم بکەم. (ڕوو لە کەرەکە دەکات.) سڵاو کاکی کەر**

**(کەرەکە سەری دەجووڵێنێت).**

**چۆنی ؟**

**(کەر سەری بەرز دەکاتەوە.) کەرگیان، کەری جوان و میهرەبان، لەگەڵ تۆمە. دەتوانی بچیتە ئەو لای پردەکە تا خاڵەبزن بپەڕێتەوە.**

**کەر: (بە تۆنێکی پتەو) نەخێر!**

**ئاسک: بۆ چی؟**

**کەر: هەر بەم شێوەیە.**

**ئاهۆ: ئای خوو ئەوە قسە نییە دیکیت برا. پرد شوێنێکە بۆ پەڕینەوە نەک خەوتن.**

**کەر: پێم خووشە،دەمەوێت لێرە بخەوم.بە تۆچی؟**

**ئاسک: وی، جا ئەوە بوو بەقسە؟!**

**بزن: دیتت، وتم ئاسک گیان، قسەحاڵی نابێت.**

**ئاسک: کەری ئازیز، کەری جوان ومیهرەبان،، ئەم بزنە دوو منداڵی برسی هەیە.**

**بزن: بەڵێ دوو منداڵی بچووکی برسی (دەگری.)**

**کەر: خەتای خۆتە، ئەگەر تۆ بڕێک لە چیمەنەکەت پێدابووم بیخوم، ئێستا لەبەر برسێتی لێرە نەدەخەوتم.**

**ئاهۆ: ئێستا ناتوانی کەمێک لە چیمەنەکەت بدەیتێ تا بیخوات ، خاڵە بزن؟**

**سەگ: بەڵێ، هەندێک لەو چیمەنە تازەیەی پێ بدە.**

**بزن: ئاە... باشە باشە. (لە کەرەکە نزیک دەبێتەوە و بڕێک چیمەنی پێدەدات).**

**کەر: ئای گیان، چ چیمەنێکی تازە. (هەمووی دەخوات). دووبارە بمدەرەوە، ئەوە زۆر کەم بوو.**

**(بزن بڕێکی تر چیمەن دەدات بە کەرەکە و کەرەکەش ئەوانیش دەخوات).**

**بینەوە، زۆر کەمە. زۆر کەم، بمدەرەوە.**

**بزن: (بە گریانەوە) ئای خوایە گیان منداڵە بچووکەکانم برسین.**

**ئاسک: باشە کەر، ئێستا بچوو لایەک تا خاڵە بزن تێپەڕێت.**

**سەگ: بەڵێ. پێویستە بەڵێنەکەت جێبەجێ بکەیت.**

**کەر: زەڕ...زەڕ... زەڕ! من ناتوانم بەم چیمەنە کەمە تێر بم.یان هەمووی بدەن بە من تا بیخۆم؟یان ئەوەی لێرە دادەنیشێم و ناجووڵێم،تێگەیشتن؟**

**(چاوەکانی دادەخات و دەخەوێت).**

**سەگ: چ کەرێکی دێزی تەمبەڵی خۆپەرستە!**

**بزن: ئای خوایە گیان مناڵەکانم خەریکن لە برسێتی دەمرن.  ئاژەڵێکی بەهێز نییە بتوانێت یارمەتی منی هەژار بدات؟**

**(مانگا هێواش هێواش نزیک دەبێتەوە).**

**مانگا: ماو... ماو...  کێ بوو  و بانگی کردم؟**

**بزن: سڵاو مانگای میهرەبان. من، خاڵە بزن.**

**مانگا: سڵاو خاڵە بزن، چی ڕوویداوە؟**

**بزن: ئیتر ویستت چی ڕوودبدات مانگای ئازیز ئەم کەرە دێز وخۆپەرست و تەمبەڵییە ڕێگای گرتووە و ناهێڵێت تێپەڕ بم.**

**مانگا: واو! ئێستا بە ئەم کەر گەمژەیە پیشان دەدەم.  دا ڕێگام بدەن بزانم. ماو... ماو...**

**(گاکە هێواش هێواش لە کەرەکە نزیک دەبێتەوە.**

**کەرەکە بەپەلە دێتە سەرەوە و لەبەردەم مانگاکەدا دەوەستێت.**

**پاشان پشت لە مانگاکە دەکات**

**وە هەنگاوێک یان دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە.**

**هەر کە مانگا لە کەر نزیک بووەوە تا شاخی لێبدات،**

**کەرەکە بە توندی جووتەی لێی دەدات**

**و لە لوتکەی پردەکەوە فڕێی دەداتە ناو ڕووبارەکەوە.)**

**مانگا: هاوار.. ... یارمەتیم بدەن!**

**(لەناو ئاوەکەدا دەست وپێ لێدەدات و داوای یارمەتی لە ئاژەڵەکان دەکات. بزن و سەگ و ئاسکیش بە هانایەوە دێن و لە ئاوەکە دەیکێشنە دەرەوە).**

**کەر: (دڵخۆشە و گۆرانی دەڵێت).**

**من کەرێکی بەهێزم**

**جووتە دهاوم ناپارێزم**

**ئاژەڵان لێم دوور کەونەوە**

**بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێمەوە**

**برسیمە و ناکشێمەوە**

**پێ دەچەقێنم و ناجوڵێمەوە**

**وا باشە،سەرەتا مانگا ئازیزەکەتان بەبن بیچووڕێننەوە، پاشان بەسەر دارێک دا هەڵیواسن تا وشک بێتەوە. تێگەیشتن.. ها...ها...ها...زڕزڕزڕ**

**مانگا: (هەناسەبڕکێ)بە هیچ شێوەیەک ناتوانیت لەگەڵ ئەم کەر دێز گەمژەیە ڕووبەڕوو ببینەوە.زۆرکەرە**

**سەگ: وا دیارە لە برسێتی دا شێت بووە.**

**ئاسک: قسەی ڕاست تێناگات.**

**بزن: (بە گریانەوە) منداڵەکانم خەریکە لە برسێتی دەمرن. کەسێک نییە یارمەتیم بدات؟ ئاژەڵێکی بەهێزتر نییە مافی من لەم کەرە دێزە وەرگرێت؟**

**کەروێشک:: (جەمپەر لە پشتی دارستانەکانەوە دێتە دەرەوە و سەبەتەیەک بە دەستەوەیە و بۆنی گوڵەکان دەکات و شیعر دەڵێت بەبێ ئەوەی گرنگی بە ئاژەڵەکانی تر بدات).**

**کەروێشکم زیت و زانا[1]**

**چالاکم و بە توانا**

**بیر و هۆشم خاوێنە**

**ڕووناکە وەك ئاوێنە**

**گێزەر ئاو و نانمە**

**ڕووناکي چاوانمە**

**پێم خۆشە کایە کردن**

**هەڵبەزین و ڕاکردن**

**تەمبەڵ نیم و بێ فێڵم**

**بۆیە جوان و جحێڵم**

---

[1] **(شاعیری ئەم شیعرە سەلاح نسار/ بۆکان )**

**(کەروێشک لەکاتی هەڵگرتنی گوڵدا لەناکاو سەرنجی ئەو ئاژەڵانە دەدات کە بەرامبەری وەستاون.کە چاویان لێیە)**

**س س س سڵاو... داوای لێبوردن دەکەم. لێرە شتێک ڕوویداوە؟**

**(کەس وەڵام ناداتەوە.)**

**ئیی... تۆ لێرەیت خاڵە بزن؟!**

**بزن: بۆچی کەروێشکە بچکوولانە؟**

**کەروێشک: هەر ئێستا، گوێم لە دەنگی منداڵەکانت بوو کە لە ئەودیوی ڕووبارەکەوە بانگت دەکەن، وا دیار بوو زۆر برسی بوون.**

**بزن: ئای منداڵە شیرینەکانم، منداڵە بێتاوانەکانم. هەمووی خەتای تۆیە ئەی کەرە دێزی خۆپەرستی ناشرین**

**(بزنەکە دەگری.)**

**کەروێشک:: تێناگەم چی کردووە؟**

**ئاسک: سەرئاسک: سەر ڕێگای گرتووە وە ناهێڵێت خاڵە بزن بچێتە ئەودیوی ڕووبارەکە.**

**کەروێشک:: واتە هیچ کامتان دەرەقەتی نەهاتوون؟**

**مانگا: چی دەڵێی کەروێشکە چکول، لە برسێتی دا شێت بووە.**

**بزن: (بە گریان) تۆ خودا یارمەتیم بدەن، منداڵەکانم لە برسێتیدا خەریکن دەمرن.**

**کەروێشک:: با بزانم چیم پێدەکرێت. (سەری دەخرێنێت.) ئاها...زانیم! (کەروێشکەکە دێتە سەر پردەکە).**

**ئاسک: بۆ کوێ دەچیت کەروێشکە چکول و سەگ و مانگا بە هێزی خۆیان نەیانتوانی هیچ بکەن.. دەتەوێت بە باڵای بچووکت چ بکەیت؟**

**سەگ: ئەم کەرە بە هیچ شێوەیەک تێناگات**

**مانگا: ئاگاداربە، ئێستا بە جووتەیەک فڕێت دەداتە ناو ڕووبارەکە**

**کەروێشک:: خەمتان نەبێت. خۆ نابێت هەموو کێشەکان بە زەبری هێز چارەسەر بکرێن. (کەروێشک دێتە لای کەرەکە، گێزەرێک لە سەبەتەکە دەردێنێت و دەیباتە لای کەرەکە).**

**کەروێشک:: سەیرکە کەرکە. سەیرکە چیم هەیە، گێزەری تازە!**

**کەر: (چاوەکانی دەکاتەوە.) چی، گێزەری تازە؟**

**کەروێشک:: بەڵێ بۆتۆم هێناوە.**

**کەر: زۆرباشە، دەبینم کەتۆ بە هۆش خۆت هاتیتەوە و خواردنت بۆ هێنام، بمدەرێ.**

**کەروێشک:: کەمێک وەرە پێشەوە... زیاتر... ئاە، کەمێکی تر. (کەرە برسیەکە دێتە لای کەروێشکەکە و کەروێشکەکە هەنگاو هەنگاو دەنێتە دواوە) وەرە ئازیزم وەرە ئێستا دەگەیتە لای، تەنها کەمێک زیاتر.**

**(کەر دەیەوێت گێزەر بخوات و بەدوای کەروێشکەکەدا دەڕوات و پردەکە دەبڕێت.)**

**بزن: (باز دەداتە سەر پردەکە.) ئافەرین کەروێشکی بچووک، سوپاس بۆ حیکمەت و زیرەکیت. تۆ ژیانی منداڵەکانمت ڕزگار کرد. هەرگیز خۆشەویستیت لەبیر ناکەم، ماڵئاوا!**

**(بزنەکە بەپەلە بەسەر پردەکەدا دەڕوات و دەنگی زەنگوڵەکەی هێشتا بۆ چەند ساتێک دەبیسترێت. سەگ و ئاسک و مانگا بە سەرسوڕمانەوە سەیری کەروێشکەکە دەکەن).**

**کەر: کوا گێزەرەکەم چی بەسەر هات، کەروێشک؟گێزەرەکەم**

**کەروێشک: (بە پێکەنینەوە گێزەرەکە فڕێ دەداتە ئاسکەکە.) ئاسکەکە بیگرە.**

**ئاسک: (گێزەرەکە لە هەوادا دەگرێت و فڕێی دەداتە سەر سەگەکە.) وەرە سەگ.**

**سەگ: (گێزەرەکە فڕێ دەداتە هەوا و فڕێی دەداتە سەر مانگا) وەرە مانگاکە ببە!**

**(ماوەیەک یارییەکە بەردەوامە. کەرەکە توڕە دەبێت).**

**کەر: ئەی سەگ بێنە**

**زڕ...زڕ....زڕ**

**ئاسک بێنە**

**زڕ...زڕ....زڕ**

**ئەی گا، بێنە**

**زڕ...زڕ....زڕ**

**گێزەرم دەوێت...**

**گێزەرەکەم لە کوێیە؟**

**(کەر ماندوو دەبێت وبە هەناسەبڕکێ دەکەوێتە سەر زەوی.)**

**گێزەر....گێزەر....گێ...زەر...گێ...زەر**

**(هەموو ئاژەڵەکان پێکەوە گۆرانی دەڵێن).**

**دی بجوڵێ کەری بێ کەڵک و کڵۆڵ**

**تەنیا مەکە زەڕەزڕ**

**هێز بدەرە بەر خۆت**

**بچوو ناو کۆڕی کەران**

**بگرە ڕێگای دەشت و چۆڵ**

**بڕۆ بۆ ناو دارستان**

**کەری بێچارەی زەبوون**

**بڕۆ بۆ ناو دارستان**

**ئای کەری دێزی تەمبەڵ**

**تەمبەڵی هەمیشە خەوتووە**

**(ئاژەڵەکان لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا دەڕۆن. دوای ڕۆشتنیان کەرەکەش هەڵدەستێت و بە شەلە شەل بەرەو دارستانەکە دەڕوات).**